



شیعری:ئیسماعیل خورماڵی

xurmaly@yahoo.de


سپیدەت باش لە بولێڵێ ،

کەپڕدەبی لە قەتاری شووشە وعەتری قاچاخ

لەبولێڵێ کە پڕدەبی ،

لە جووت بوون و لە خەرمەنی

ئەو لێوانەی ماچ وخاوبوونەوە دێنن !

لە بووێڵێ کە پڕ دەبی ،

لە بارێژە ولە گەڵای زەرد

لە دڵداری سەدەی نان وفاڵ وساختە !

لە بوولێڵێ کەپڕدەبی لەو دەنگانەی

هەمیشە هەمیشە لەودیو ،
کچێنی گیا و
لەو دیو بەرائەتی عیشق و
لەودیو ڕیحانەی سیاوە
سوێن بە بەرد وسوێن بە ئاو و
سوین بە ئایە و
سوێن بە سوورەتی موغارت دەخۆن !
هەنێ جاریش وەک و ماسی
لەبەر چیغیماڵەکانی قەوزەوە
چاو بە ڕۆمانی قوڵایی ئاو و
قوڵایی کۆستدا دەخشێنن !
سپیدەت باش لە بوولیلێ ،
کەپڕ پڕی لەوساتانەی
درەخت بە سێبەر و ئاو
بە بۆڵ و هێشوی مەوجەوە خەڵتان دەبێ !
شار بەڕەنگ و
شار بەدرۆ
بەدرۆی شاخدار سوواغ دەدرێ !
سپیدەت باش لەبوولێڵێ
لە یەکەمین ڕۆژەکانی تالوکەدا
کە پڕی لە قیژەی شاخ و
قیژەی باز و قیژەی دەوەن
کە پڕی لەدوکەڵاوی دوا ساتی ئاوایی سوتان

له زیز بوونی ئێوارەی ناو شەقامە جەنجاڵەکان

ئێوارەی ئەو ڕێگایانەی

پڕن لە سڵاوی زەردەپەڕ و

پڕن لە سڵاوی خۆش گلەیی و

پڕن لە گازندەی ئەو کچانەی

عاشقن و عەشق پەروانەی پڕوزاوە !

چران و دەمیان بەدوکەڵ ئاخێنراوە !

ئەو کچانەی شەمامەن وشەمامەیان

خێسە لە بیستانی یەخە و بەرۆک دەکەن

لە پەیامی هەڵفڕێنی مەمدا

ئازادی ئەودیو بەرۆک و

سەمای ناو ئەوین وفڕین پیرۆز دەکەن !

لە تەکت دام ئەی نیشتیمان

لەو وەختانەی هەموان بە ژەهراوی ژیان دەمرین

هەموان بە داخی ئەم هەسارە وێرانەیەوە دەمرین

لەتەکت دام ئەی نیشتیمان

لەو وەختانەی

هەموان سوواری جەجاڵی مردن دەبین و

هەموان وەک یەک ،وەک دوورگەکانی مالیزیا و

ماڵەکانی قەڵا جوجکانی تۆفانی ئاسیا

بەسەر سەری تۆفانەوە

سڵاوی مردن لە یەکتر دەکەین

بەشەرمێکی دۆستانەوە

لە دۆزەخی ئاو دەپرسین !
لە تەکت دام ئەی نیشتیمان
لەو وەختانەی
ڕیشۆڵەمەکربازەکان
لە گۆلاوی بەفرا
بەباررووتی ڕاوچیەکان دەخنکێن و
گوڵەمێکانی* بەیروت * یش
وەک هەرە وردیلە ڤنس وکەنارییەکان
بەسەر چڵی بەفر وشەقامی شارەوە
بە بارووتی بەیتەکانی * نزار * دەخنکێن و
گوڵەمێکانی خۆشمان وەک پەروانە
لە باڵکۆنی هەزار ویەک گوڵدا ،
لە باڵکۆنی هەزارو یەک شیعرا ،
لەباوەشی دەیان قەڵەمدا دەفڕن ودەنیشنەوە
دەنیشنەوەو دەفڕن !!
لەتەکت دام ئەی نیشتیمان
لەو وەختانەی دڵدار وعاشقانی تۆ
بۆ بەر هەیوانی بزەیەک
زەردەخەنەیەکی لای شەم
وە پەیژەی هەزاران هەزارهەسارەداهەڵدەزنین و
لە جێ ژووانی دوعایەکدا
بە سەقەری شەرمێکەوە
بەهەشتی خوا وە لا دەنێن و

**جەهەنەمێ هەڵدەبژێرن**

**جەهەنەمێ**

**نیشتیمانی بەدمەستان وهەموو کچە کوژراوەکان !**

**نیشتیمانی گوناه وئاگر وجوانی !**

**نیشتیمانی بازی مەم و فڕینی مەم**

**بادە وساقی**

**لە جێ ژووانی دۆعایەکدا**

**بەسەقەری شەرمێکەوە**

**قەڵەم بڕێ**

**لە کاڵەکی پاڕاننەوە ڕادەدەن و دەڵێن :**

**خودایە تۆ**

**ماڵەکانمان**

**پڕکە لە دوکەڵ ولە جریوە**

**دەقەکانمان پڕکە**

**لە بوێری**

**لە جورئەت ولەعیشقی مێ !**

**بەهەشت بۆ تۆ و**

**ئێمە تەنێ ڕەنگەکانی**

**ناو باڵی کەنارییەکانمان بەسە بۆ ژیان !**

**بە هەشت بۆ تۆ و**

**ئێمەتەنێ دەنگ ونووزەی**

**هەرزاڵێکی ووشکمان بەسە بۆ ژیان**

**لە تەکت دام ئەی نیشتیمان**

**لەو وەختانەی * مینا ***

**بەکراسێکی سیم داری قورمزەوە**

**لە تازە دێ ،  تا دەگاتە پێنی دێ**

**بە مەوجێ لە چوون و لە جوانی**

**بە دووهەناری سەر سنگ و**

**بەدووبۆڵی پڕتیشکەوە**

**بەفری هاوسێ و دڵی هاوسێ و**

**بەردی هاوسێ بە دین دەبا !**

**لەولاشەوە کە دێتەوە**

**هەمان بەژنی شووشە ئاسا و**

**هەمان نازی هەناران و**

**مەمۆلەی ژێر کراسی تەڕ**

**چاوی تەڕ ونازی تەڕو**

**گەمەی کەروێشکەهەتاوی ، ناوچیمەنی بەفر و**

**گەمەی لەشی ژێر کراسی تەڕ وقورمز**

**دیسان بەور و**

**دیسان بەرد و**

**دیسان هاوسێ بە دین دەبا !**

**لە تەکت دام ئەی نیشتیمان**

**لەودیو هەڵبرژانی بەفر و**

**ڕەقبوونەوەی پێی ئاگردا**

**لەودیو تنۆی ناو ستیان و**

**لەوديو گوڵستانی عيشق و**

**ئاونگی سەر هەرمێ ی ( مينا ) و**

**لەوديو چۆڵستانی خەميشەوە**

**لە تەکتدام ئەی نيشتمان**

**ئەی وولاتی ئاونگ و گوڵ**

**پەروانە و گوڵ**

**شەهيد و گوڵ**

**من لەگەڵتام !!**

**سپيدەت باش ئەی نيشتمان لە بووليڵێ**

**کە پڕ پڕی لە پرسياری چۆلەکە نەگبەتەکان و**

**لە سێبەری کێلە نەگبەتەکان !!**

**کە پڕ پڕی لە تووڕەيی ئەو شيعرانەی**

**تووڕەن لە ڕەوەز و**

**تووڕەن لە باز**

**تووڕەن لەو پياوانەی**

**لە قرچەدا بەفری درۆ دێنن**

**لە بەفردا دارستانێ بە گڕەوە دێنن !!**

**تووڕەن ،تووڕەن ئالەو شاعيرانەی**

**شيعر بە شەرت دەنوسن و**

**شيعر**

**بە شەرت بەو کەنيشکانە دەبەخشن**

**لە تەواشای ڕووت بوونەوە و**

**تەواشای ئێوارە ليمۆ و**

**لە شەلالی**

**جوانیان بێ بەشیان ناکەن !!**

**زەمانەیە ئەی نیستمان زەمانەیە**

**سەردەمانێ ئێمەش کەسمان ڕازی نەبووین**

**وەک پەروانە دەمی مردن**

**لە سێبەری باخچەیەکدا بمانێژن !**

**وەکو ماسی دەمی دەمردن**

**تەنها چەم و کچانی ئاو**

**بەحیکمەت ومەلە و ئەوینمان بزانن !!**

**زەمانەیە ئەی نیشتمان زەمانەیە**

**دەبێ ژیان**

**تاماوی چ ژەهرێکی لێ بتکێ**

**وەختێ کۆترەکانی عیشق**

**بەگمەوە هەڵدەپڕوزین !**

**وەختێ**

**(مۆنالیزا )کانی وولات**

**مینا وەنەوشەی چەم سیاو**

**بە ستیانی چکۆڵەی هەزار ڕەنگەوە**

**ووشک هەڵدێن !!**

**نەدەمیان بە ماچێ دەگاو**

**نە ڕۆحیان بە ختوکەیەک تەڕ دەبێتەوە !**

**دەبێ ژیان**

**تامی چ ژەهرێکی بات**

وەختێ بەفر
دەمی بارین و پرووشە
لەسەر برژانگی عەیارە کچێ
دادەنیشێ
لێ ی دانیشێ و
بەدەمی تەوسەوە بڵێ :
یارانی خاک
هەموو ساڵێکتان بەخۆشی
شاخ و شەهید
گوڵ و قەیرە
هەموو ساڵێکتان بەخۆشی
لە هەزارەیەکی نوێ و
لە ساڵێکی نوێ
بەدەمی تەوس وژەهری تەشەرەوە بڵێ

یارانی خاک بەخاک بڵێن :
سڵاو خاکی داماو سڵاو
بەرد دەگریە و
ئاو دەگریە و
سیاسەت بازەکانی تۆش هەر دەخەنن !
ئاسمان دەگری و
هەسارە و باران قژ دەڕنن
سیاسەت بازەکانی تۆش هەر دەخەنن !

زەمانەیە خاکی داماو
زەمانەیە
ڕۆیی شاخ و شەو شۆڕش ڕۆیی
ڕۆیی خوێن و خەون و خەرمانە ڕۆیی
ئەمێستا کێ
بەڵاڵوکی موحیبەتێ
لەنێو دەمی ئەم ڕۆژانەت دەنێ
ئەوین بە تاڵانی دەڕوا و
عەتر بە نارنجۆکی قاچاخ و
نارنجۆکیش
وەی
وەی لە نازی نارنجۆک
بەمسکی ئاین دەمەشێ و
بە تکتی بەهەشت دەمەشێ !!
وای خودایە ئێمە و وەتەن
چەنە پڕین لە تالووکە
لە دەمێکدا
پیریمان خولیای گەنجیە و
وەک هەنووکە لە ئێواران
لە چڵی ژەهر چایەک و
لە پایزی شیعر
دێڕی سەخت و دڵی سەخت
وای لە پایز

وای لە دڵ و
دێڕی سەخت
تازە گوزەشت ئەو ڕۆژانەی
من لە عیشقا
بەرماڵم بە بەرماڵەکەی سندیباد و
غەزەلم بە غەزەلی وەفایی دەڕۆی !
سڵاو پەروانە مێ سڵاو
سڵاو کچەکانی وولات سڵاو
تاک تاک وەرن
سەرتان بنێن بە سنگمەوە
سێبەری هەر تاڵە موویەک دەڕۆن
وەکو ئەوسا
پڕە لە ئاگر و
پڕە لە ختوکە و
پڕە لە قەسیدە !!
بەر پەنجەرەی هەر باسوقە
گۆشتێکی من دەڕۆن
پڕە لە ئازادی و
پڕە
لە ئەندێشەی هەزار ڕەنگە و
پڕە
لە گەنمی بە کەروێشکەی هەڵاژانتان !
درەختێکی ڕەشتاڵەم و مینا جاران

بەفر بە ئاڵۆش و

ئاڵۆش بە بەفرتان دەدەم !

درۆ ناکەم پەروانە مێ درۆ ناکەم

ڕێ ی شەقامی هەر باڵێکم بڕۆن

پڕە لە ئێوارە و

پڕە لە سرودی نازتان !!

دەبێ ژیان

تامی چ ژەهرێک بات

وەختێ بەفری سەر برژانگ و

بەفری میوان

بەدەمی تەوسەوە بڵێ

یارانی خاک بەخاک بڵێن

کێ دەزانێ هەنوکە تۆ

بۆ خوڕەمی عەتری دزراو دەگریت ؟

یان یان بۆ ئازادی دزراو دەگریت ؟

کێ دەزانێ هەنوکە تۆ

کەشتی برینی ئەمجارەت

دەگاتە ڕۆخ

یان هەر لەڕێ

غەور دەبێ و

نیشتیمانیش

وەک زۆرمان ، گۆڕ غەریب دەبێ !

یان ئەویش وەک هەنێ شەهید

بەشی بەشی

نەختێ حەرف و

بەشی

تۆزێ شمشاڵ دەبێ !

شەیپوور دەگری و سنوور دەگری و

سیاسەت بازەکانی تۆش هەر دەخەنن !!

ئەی نیشتیمان

بەفرانباری / 2005 /ئەڵمانیا